

سۆران نەقشبەندی
١٢-١٥

## دژبەیەکی لە ڕەنگەکاندا

دژبەیەکی لە ڕەنگەکاندا، ئاڵۆزی لەوێنەکاندا، خستنە ڕووی قسەگەلێکی ڕاز ئاسا لەشێوەی خەیاڵدا، سۆران نەقشبەندی دەیەوێت جیهان پێببڵێت؟
پرسیارێکی بنەڕەتی لە فۆتۆگرافیدا ئەوەیە کە ئایا ئەرکی فۆتۆگرافەر تۆمارکردن و خستنە ڕووی ڕاستیەکانە؟ زۆر بەوەڵامی ئەرێنی دەدرێنەوە لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا، بەڵام هەموو ئەم دەستکەوتە فۆتۆگرافەرانەی کە لەمێژووی فۆتۆگرافدا ناسراون بە فۆتۆگرافی خەیاڵی Fantastic Photography باسێک دەخوڵقێنێت کە لەکۆتاییدا خودی ڕاستی دەخاتە ژێر گوشارەوە. ڕاستی تەنیا ئەوە نییە کەلەدەرەوەو لەزەینی ئێمەوە لەئارادایە.
سۆران نەقشبەندی تەنها بەشیکردنەوەی تلسکۆبانەوە لە ئاوێنەو وێنەی تەلەفزیۆنی دەڕوانێ، هەوڵدەدات هەڵێنجانی خۆی لەهەمبەر ڕاستی دەرەوە وەکو خۆی پێمان بناسێنێت، گرنگ نییە بابەتەکانی وێنەکانی چین، گرنگ ئەوەیە کە ئەو ڕاستیەکان بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو، کەواتە وەکو وەرگر دەتوانین بپرسین کە ئایا وێنەکانی سۆران نەقشبەندی لەسێدەرەدانی ڕاستیە یاخود هەڵسوکەوت کردنی هونەرمەندانەی تێدایە؟ ئەوەی کە بەهاو قورسایی دەبەخشێت بە وێنە ئەو پەیوەندییەیە کە وەرگر لەگەڵ وێنەدا دروستی دەکات.



لایەکی سیمای ئافرەتێکی خەمبار لەنێوان سێبەر و تارمایی و دیوار و دارێکدا



تێکەڵبوونی وێنەی پیاوێک لەگەڵ تارماییەکەیدا، هەریەک بە ئاڕاستەیەکی هاوتەریبدا دەڕۆن



مرۆڤێک گۆچانێکی بەدەستەوەیە و دەستێک لە وێنەیەکی دیکەدا چیرۆکێک نمایش دەکەن



تێکەڵبوونەوەی 3 وێنەی تەقینەوەو فیگەر و وێنەی شەهیدێک لە ئامێز دەگرن

## التضاد في الألوان

التضاد في الألوان, التشابك في الصور, ابراز أحاديث تشبه الأسرار على شكل خيال, سوران نقشبندي يريد أن يخاطبه العالم.

السؤال الأساسي في التصوير هو أنه هل واجب المصور هو ابراز و تقديم الحقائق؟ و يكون الجواب في الغالب ايجابيا. ولكن كل مكتسبات المصورين المعروفة ب التصوير الخيالي خلال تاريخ التصوير, تخلق في النهاية بحثا تضغط على الحقيقة ذاتها. الحقيقة ليست فقط الموجودة خارجا و الموجودة في أذهاننا.

سوران نقشبندي ينظر الى المرآة و الصورة التلفزيونية فقط من خلال التحليل التلسكوبي. يحاول أن يجعلنا نتعرف على أحاسيسه أمام الحقيقة الخارجية. و لا يهم كيف تكون مواضيع صوره. المهم هو أنه هكذا يبرز لنا الحقائق. أي أننا و كمتلقين نستطيع أن نسأل هل أن صور سوران نقشبندي تعدم الحقيقة أم أن هناك تعامل فني ما في هذه الصور؟ ان ما يمنح القيمة للصورة هي تلك العلاقة التي ينشأها المتلقي مع الصورة.



فلاش باکی سیمای پیاوێک لەسەر وێنەی پۆرترێتی ئافرەتێکی گەنج



یەک ئافرەت بە دوو شێوازی وەستانی جودا بەڵام لە یەک وێنەی فۆتۆگرافیدا





## سروشتی کوردستان
## طبیعة کردستان



ئاژەڵداری لە گوند و چەم و دۆڵەکانی کوردستان

### دابەشبوونەکانی وێنەی سروشت

بەگشتی لەوێنە سروشتیەکانی (سەلام حاجی عەلی) دا سێ یەکی خوارەوەی وێنەکان تەرخان کراون بۆ سروشت و جوانی سەر زەوی، لەهەندێکیان بایەخی هونەری بە پێشەوەی گرتەی دیمەن دراوە ئەمەش وای کردووە ببێتە ڕێبەر بۆ چاوی بینەر، تا بەرەو قوڵایی ناو وێنەکەی ببات، بەتایبەت لە وێنەی سێتی سکەییبەکەدا، یەکەمین وێنەیان بەجوانی هەست بەو پێوەرە دەکەین، کە تێیدا فراوانی و بەرینی دیمەن بە شێوازێکی هونەری و گۆشەکراوەیی تۆمارکراوە.



سەلام حاجی عەلی



جادەیەکی پێچاوپێچ لە ئامێزی دۆڵێکی نێوان دوو شاخی کوردستان



گوڵاڵە سوورەی کوێستان لە وەرزی بەهاری کوردستاندا



درەختێک لە وەرزی بەهاردا- کوردستانی ئێران

## انقسامات صور الطبيعة

في صور سـلام حاجي علي تم تخصيص ثلث الصور للطبيعة و جمال الأرض. في بعضها هناك الاهتمام الفنـي بمقدمة اللقطة و هذا ما يقود المشاهد الى أعماق الصـورة. و بشـكل خـاص في صورة السـيتي سـكيب. يمكن الشعور بهذا في الصورة الأولى حيث فيها اتساع المنظر.



لێواری گردێک بەتەنیشت رووبارێکدا- بەهاری کوردستانی ئێران

# رووبەر لە فۆتۆدا

زۆرجار لە وێنەگرانی بە ئەزموون و شارەزای دەبیستین کە (رووبەر یەکەی بینای وێنەیە)، لەم وێنە هەستەوەرانەی (شاهین بەهائەدین) دا هەردوو رووبەری زەوی بە بەفر داپۆشراو و ئاسمانی هەورین بە هاوسەنگانە دابەش کراون، شێوازی ئەم دابەشکردنەش پابەندە بە روانین و جۆری دەربرینی وێنەگر خۆیەوە، زیرەکی ئەم وێنەگرە لەوەدایە توانیویەتی خاڵی روانینی خۆی بچەسپێنێ و نەهێڵێ بەتەماشاکردنی بەفر بینەر چاوی ماندوو بێت.
دیسان لەدوو وێنەکەی تریشدا هەست بە رووبەر دەکرێت، بەڵام لەویاندا بەشێوازێ چیاو دەریاو بەلەم و داری وشکەڵاتووی خستوونەتە سەریەکتر تا بەبینەر بڵێ ئەم داپۆشین و کەتنەسەر یەکترە ئاماژەیە بۆ نزیکی دارشتن لە نێوان ئەو کەرەسانەدا.




شاهین بەهائەدین




چەند تەپۆلکەیەکی بەفرین لە ناوچەکانی کوردستان



پەیوەندییەکانی درەخت بە بەفرەوە لە ناوچەکانی کوردستان